3

# دایــــائـــوککـــــــو*

دایائوککو **Daiaukku** فەرمانڕەوای بەشێکی وڵاتیماننا **Manna** بوو لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایندا. وڵاتی ماننا کەوتبووە ڕۆژهەڵات و باشووری دەریاچەی ورمێ و لەو باسانەدا ناوی دێت کە پادشاکانی ئاشورو ئورارتو تۆماریان کردبوون.

پاش ئەوەی پادشاکانی ئاشور توانییان دەست بگرن بەسەر ئەو بەشانەی کوردستانی کۆن کە کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیانو دەسەڵاتی خۆیان تا رادەیەکی بەرچاو سەقامگیر بکەن، هێرشەکانیان ئاڕاستەی ئەو بەشانەی کوردستان کرد کە کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتترو توانییان بگەنە ئەو ناوچانە. (ماننا)ش یەکێك بوو لەو وڵاتانە.

یەکێك لەو پادشایانەی چالاکیی سەربازیی خۆیان لەو دەوروبەردا نواندبوو سارگۆنی دووەمی ئاشورییە (721-705 پێش زاین).

لەو کاتەشدا ناوچەکە ببووە گۆڕەپانی ململانەی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئاشورو ئورارتو، فەرمانڕەوا بچووکەکانی ناوچەکەش دەچوونە پاڵ ئەم دەوڵەتە یان ئەو دەوڵەتە.

ناوی دایائوککو لەمیانەی لەشکرکەشییەکانی سارگۆندا دێت. سارگۆن دەڵێت دایائوککو فەرمانڕەوای وڵاتی ماننا بوو، لەبەر ئەوەشی سارگۆن نەیوتووە دایائوککو فەرمانڕەوای کام بەشەی ماننا بوو؛ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ناوبراو بە نەزانراوی ماوەتەوەو شوێنەوارناسان بە یەکێك لە چەند شوێنێکیان زانیوە. یەکێك لەو شوێنانە ئەو ناوچەیەیە کە لە بەشی سەرووی روباری (ساروق) پێکهاتووە، ئەویش کە سارگۆن لە باسە دوورودرێژەکانی ناوی فەرمانڕەواکەی نەهێناوە[1].

لەلایەکی ترەوەو لەبەر ئەوەی دایائوککو لەگەڵ پادشای ئورارتو –وەك لە خوارەوە باسی دەکەین –رێککەوتبوو؛ وا زانراوە وڵاتەکەی ئەو بەشەی ماننا دەگرێتەوە کە لەسەر سنووری وڵاتی ئورارتو بوو واتە ئوئیشدیش **Uišdiš** و دایائوککو پاش باگداتتی **Bagdatti** (کە پێشتر فەرمانڕەوای ئوئیشدیش بووو ساڵ 716 پادشای ئاشوری کوشتبووی) بۆتە فەرمانڕەوا[2]. بەر لەوەی زیاتر لەسەر دایائوککو بڕۆین بە کورتی لەبارەی ڕووداوەکانی پێش دەرکەوتنی ناوی دایاککو دەدوێین:

ساڵی (719 پ.ز) روسا **Rusâ**(یاخود ئورسا **Ursâ**) پادشای ئورارتو بە هاوکاریی میتاتتی **Mitatti** ی وڵاتی زیکیرتو **Zikirtu** هێرشی کردە سەر وڵاتەکەی ئیرانزو **Iranzu** (پادشای وڵاتی ماننا کە ئیزیرتو **Izirtu** پایتەختی بوو)و پێکەوە ناوچەی زۆریان داگیرکرد. سارگۆنیش بەدەم ئیرانزووە چوو و زەوییەکانی بۆ گرتەوە[3]. ئەوەندەی پێ ناچێت ئیرانزو دەمرێت و سارگۆن ئازا **Aza**ی لە جێگەیدا دادەنێت (ساڵی 717 پ.ز)، دوای ساڵێکیش (716) ئازا

---

* ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1002)، 1989/8/29، ل 2.

[1] بڕوانە گۆڤاری (سومر)، بەرگی 5، بەشی 2، 1949، ل224، پەراوێز7. باسەکەش هی (ئـ. رایت)ە لەبارەی لەشکرکەشیی هەشتەمی سارگۆن: **JNES, 2, 1943** و د. محمود الامین وەریگێڕاوە.

[2] **R. M. Boehmer, Volkstum und Städte der Mannäer, in; Baghdader Mitteilungen, Berlin, Bd.3, 1964, S.15, Anm.28.**

[3] **ARAB, 2, S6.**

دەكەوێتە دەستی روساو میتاتتیو باگداتیو دەیكوژن[4].

ڕووداوەكانی لە تۆمارە ئاشورییەكاندا كەمێك ناڕێكییان تێدایە. دەقێكی پادشای ئاشور ڕووداوەكان بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

ئورسا هانی پیاوانی ولاَتانی ئوئیشدیش **Uišdiš**، زیكیرتو **Zikirtu** ، میسیاندو **Misiandu** ، كە ئەو پیاوانە ئاغا گەورەكانی ولاَتیماننا بوون، تا یاخی بن. ئەوانە ولاَتی (ئازا)ی ئاغای خۆیانیان گرتو ئازایان لە كێوی ئوئاوش **Uauš** كوشتو (ئوللوسونو)یان لەجیاتی ئەو دانا (ئوللوسونو برای ئازا بوو). ئوللوسونو متمانەی بە ئورسا كردو 22 قەلاَی وەكو بەرتیل دایە. سارگۆن بەتووڕەییەوە بەرەو ئەو ولاَتە ڕۆشتو كاتێك ئوللوسونو زانی پادشای ئاشور نزیكە هەلَهات. ئیزیرتو پایتەختی ئوللوسونو و دوو قەلاَی قایمی ئیزیبیا و ئارمید ی گرتو بەسەر ئورسا لەسەر كێوی ئوئاوش سەركەوت. پادشای ئاشور باسی گرتنو سووتاندنی 55 شاری شوورەدراو و هەشت ناوچەی ئەو دەكات. 22 قەلاَكەی سەندەوەو خستییە سەر سنووری ولاَتی ئاشور. باسی گرتنی قەلاَی تر دەكات پاشان دەلَێت میتاتتی هەلَهاتو ئەو پاردا **Parda** ی گرت كە پایتەختی میتاتتی بوو هەروەها 23 شاری گەورەی دەوروبەری، پێستی باگداتتیی كەولَ كرد، دایائوككو و خێزانەكەشی بۆ شاری حەما (لە سووریا) نەفی كرد. ئوللوسونوش هاتو خۆی دا بەسەر دوو پێی سارگۆن ئەویش لێی خۆش بوو و 22 قەلاَكە لەگەلَ دوو شاری قایمی خۆی بۆ گەڕاندەوە.[5]

بەلاَم لەدەقێكی تر داو لەمیانەی باسی حەوتەم سالَی فەرمانڕەوایی خۆی (715) دەلَێت كە روسا پیلانی دژی ئوللوسونو گێڕاو 22 قەلاَی برد. سارگۆن دەلَێت كە روسا قسەی پڕ لە گومان لە دژی ئوللوسونوی بە دایائوككو دەوتو روسا كوڕێكی ئەو دایائوككووەی وەكو بارمتە لێی وەرگرتبوو. سارگۆن دەڕواتو 22 قەلاَكە گەمارۆ دەدات، دایائوككوش دەكەوێتە دەستی، ئەویش خۆیو خێزانەكەی بۆ شاری (حەما) نەفی دەكات.[6]

ئەو دەورەی دایائوككو لە ڕووداوەكاندا بینیبوو زۆر لەوە بچووكتر بوو كە دراوە بە دێیۆك **Deiokes** ی میدی، ئەویش (بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆت) دامەزراندنی دەولَەتی ماد، لەبەرئەوەشە ئەو بۆچوونەی دایائوككوی فەرمانڕەوای مانناییی بە دێیۆكی میدی دەزانێت[7] بۆچوونێكی لاوازەو بۆچوونی پەسەندتر ئەوەیە خالَی هاوبەش تەنها ئەوەیە دوو ناوەكە لەیەك دەچن.[8]

ناوی دایائوككو لە ناوێكی (خورری) دەچێت، رەگەزی خوررییەكانیش، وەك زانراوە، لە رەگەزی مادە هیندو ئەوروپییەكان دوورە. دایسۆن (بۆمەریش لەمەدا پشتگیریی دەكات) دەلَێت كە ناوی شوێنەكان و كەسەكان لە ولاَتی ماننادا ناوی زۆریان تێدایە لە ناوە خوررییەكانەوە نزیكن لەكاتێكدا كەمێك لەو ناوانە ئێرانین[9]. دایائوككوش لە راستیدا وەك فەرمانڕەوایەكی مانناییی ناسێندراوە نەك وەك فەرمانڕەوایەكی ولاَتی ماد[10].

وتمان ناوی دایائوكو لە ناوێكی خورری دەچێت ئەویش تایئوكی یاخود تایائوكی **Tay(a)uki**[11]. ئەم ناوەی دوایی

---

[4] لە: سومر، بەرگی 5، بەشی 2، 1949، ل 223 ئەمانە پێستی ئازا كەولَ دەكەن. بەلاَم ئەمە هەلَەی وەرگێڕی عەرەبییە. (رایت) لەڕاستیدا باسی كوشتن دەكات نەك پێست كەولَكردن(ل 174). دەقی ئاشوریش كە دیومە باسی كوشتن دەكات.

[5] **ARAB, S56.**

[6] **ARAB, S12.**

[7] بۆ نموونە بڕوانە: ئای. م. دیاكۆنۆڤ، میدیا، و. برهان قانع، 1978، ل 259، دەربارەی دێیۆك خۆیشی بڕوانە ل 257 بەدواوە.

[8] ئەمە ڕای شترێك و ئولَمستدو ئالتهایمە...بڕوانە:

**R.M.Boemer, Op. Cit.,S.15, Anm.28.**

[9] **Ibid, S.18.**

[10] بڕوانە: **ARAB,2 , S12.**

[11] **R. M. Boemer, S.18, Anm.41.**

لەناو ناوە خورریيەكانی شاری (نوزی)ی خورری – لە باشووری رۆژئاوای كەركووكدا – هەیە كە دەگەڕێتەوە بۆ حەوت سەدە بەر لەو رووداوانەی سەرەوە، ئەمەش جگە لەوەی پاشگری كك... kk كە لە ناوی دایائوككودا هەیە پاشگرێكی خورریيە[12].

ناوخواستن دیاردەیەكە لە هەموو سەردەم و شوێنێكدا هەبووە، مادەكان و ماننايیەكانیش دراوسێی یەكتر بوون بۆیە زۆر رێی تێدەچێت دایائوككو بە ڕەگەز میدی بێت و تەنها ناوەكەی خورری بووە. بڕوانە ئەوەی كە ناوی براكەی دایائوككو، واتە باگداتتی ناوێكی هیندۆ ئەوروپییە. باگداتتی باگاداتتا Bagadatta ی ئێرانییە بەواتای (خودا داویەتی – خودا دایتی)یە[13]. دیارە كاتی خۆی وشەی (بەگ) واتای (خودا)ی هەبووە، ئەویش رەنگە لە واتای (ئاغا) یاخود (گەورەو سەروەر)ەوە – بە عەرەبی (سید) – هاتبێت. كەواتە هەر یەكێك لە دوو براكە ناوێكی جیاوازی هەبووە لە رووی رەگەزەوە بۆیە دەكرێت رای پێچەوانەش راست بێت، واتە هەردوو براكە خورری رەگەز بن و باگداتتی ناوێكی میدیی خواستبێت، بەڵام لەلایەكی ترەوە دەتوانرێت ناوی دایائوككو لەگەڵ وشەی (دێ) یان (دێهـ) بەراورد بكرێت و بەم جۆرە ناوەكە شتێك بێت وەك (فەرمانڕەوای دێ یاخود دێهات). بڕوانە كە سەرچاوە ئیسلامییەكان فەرمانڕەواكان دێهات یان ناوچەكانی كاتی ساسانییەكان بە (دیهقان) یان (دەهقان) ناو دەبەن.

[12] Ibid, S.18.
[13] König, RLA, 1, S.391.